# ئابووری تاوانبارەکان

ئا: سەلام عەبدوڵڵا

سەرمایەداری مۆدێرن وەك بەرزترین قۆناغی تاوانکاری ڕێکخراو

نووسەر:Conrad Schuhler

لەژێر ئەم ناوەدا ژمارەی ٤٢ گۆڤاری isw REPORT کەوتە بەر دەستی خوێنەران

بەشی یەکەم: ئابووری، دەوڵەت دەکڕێت.

بەشی دووهەم: گەورەترین خۆ خاوێن کردن یا بۆچی ئێستا ڕێ دەدرێت کۆل ـ (سی دی ئو) هەلاهەلا بکرێت.

بەشی سێهەم: ماسییەکە تەنها لە سەرەوە نەگەنیوە.

بەشی چوارەم: بەرتیلدان خراپ نیە.

بەشی پێنجەم: ئابووری وتاوانکردنی ڕێکخراو.

بەشی شەشەم: پێشبڕکێی مۆدێرن ـ بۆمبا نانەوە، ئامێری گوێ گرتنی شاراوە، جاسوسێتی.

بەشی حەوتەم: جیهانگیری (پلەیەر) ودەوڵەتی ناسیونال.

کۆنراد وەك هاوڕێیەکانی (لیو مایەر، فرید شمید، هیندریك بولینس، لندە شنایدەر و شارلس پاولی) تۆسقاڵێك بوار نادات بەخوێنەر کورتە پشوویەك بدات، لە گەڵ هەر بۆچونێکیدا فاکت لەدوای فاکت دەدات بە دەستەوەو خوێنەر تا ڕادەیەکی زۆر تینوێتی بۆ زانین دەربارەی بابەتەکەی دەشکێنێتو هەوڵی جدی دەدات دواگومان لەلای خوێنەری ڕەخنەکڕ دامرکێنێت ! .

لە بەشی یەکەمدا نووسیویەتی: ئەوە چەندین مانگە، ڕای گشتی لە ئەلمانیا، بە هۆی پەردەلادان لەسەر سیستێمی بەرتیلخواردنی حزبی دیموکراتی مەسیحی، هەناسەی گیراوە. لەسەرەتای سالآنی نەوەد، سەرۆکی دەوڵەت وحزبی ناوبراوی کۆن هیلمۆت کۆل"پێشەنگی ڕۆحی۔ ئەخلاقی گۆڕانکارییەکان" هەوڵیدا بەرتیلخواردنی دوو ملیون مارك (پارەکانی ـ گوێنە) ی لە کۆڵی خۆی بکاتەوە. ئێستا بەرتیلەکان بۆ ٣٠، ٤٠، ٨٠ ملیون وزیاتر بەرزبونەتەوەو ڕەنگە ٢٠٠ و ٥٠٠ ملیون مارك بن. تەنانەت ڕەقیبی ئابوری حزبی CDUکە لەسالآنی حەفتاوە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتییەکەیان، ڕاپۆرتی ژمێریاری درۆیانە بلأودەکردەوە وچۆن سەرکردایەتییەکەیان لەهەر کردارێکی نایاسایی بەرتیل خواردن، دوورن.

ڕەنگە دوو داتا هەبێت، دیمنزیونی تاوانی زەبروزەنگ بەکارهێنانی بەرتیلخواردنی ئەلمانی کە وەك جاران بە نەبینراوی ماوەتەوەو تا ڕادەیەك پێشان بدەن:

١/ سەروەتی کۆمەڵەکانی هاوولأتیان کە تەنها لە نێوان ١٩٦٩ و ١٩٨٠ دا ٢١٤ ملیون مارك بەشێوەیەکی نایاسایی لە ئابوورییەوە بۆ حزبی CDU، FDP، CSU گوێزراوەتەوەو لە١٩٨٠ ناچاربوون کارتێکردنەکانی ڕاگیرن. لەوساوەوە ئەو دراوە وون بووە.

٢/ بەگوێرەی وتەکانی دادپەروەری ژنێف، کۆنزێرنی سیمنز لە سویسرا کۆنتۆی ڕەشی هەیەو سەدان هەزار فرەنکی سویسری لەسەرە. ئەو پارەیە قاسەی بەرتیل دان وجەنگی کۆنزێرنەکەیە. بەگوێرەی قسەکانی د. Uwe Luethje سەرۆکی خەزینەی حزبی ناوبراو، لە ١٩٩٠ شەرکەتی سیمنز، بەدەستی نۆ ملیون مارکیان پێداوەو بە Kiepسەرۆکی خەزینەی پێشوو.

ئەوانەی وا بە بەرێوەبەرانی سیاسەتی ئەلمانی ملیونان مارك بەرتیل دەدەن، لە مانەی خوارەوە پێك هاتوون : ئابووری ئەلمانییە وئێستا بە بۆنەی جیهانگیرییەوە کۆنزێرنە بیانییەکانن. لەم کاتەدا میدیای ئەلمانی زۆر باسی بەرتیلدانی کۆنزێرنی نەوتی فەرەنسی ( Elf Aquitaine) دەکەن کە پالأوتنی (لۆینا) وبانزینخانەکانی مینۆل لە ئەلمانیای ڕۆژهەلأتی کڕیوە، بۆ ئەوەی بە خەڵك ڕابگەیەنن کە کۆنزێرنە بیانییەکان تاوانباری ژمارە یەکن. ئەوەی ڕاستی بێت دەوڵەت وحزبە دەسەلأتدارەکانی ئەلمانیا هەر لە دامەزراندنیانەوە تا ئەمڕۆ بەرتیلیان لە ئابوری وەرگرتووە. کە چی لە ناوەڕاستی سالآنی هەشتاوە لە دادگاکان فایلیان بۆ کراوەتەوە.

ڕاسپاردە وەرگرەکان (سیاسییەکان) دەگۆڕێن، بەلأم خاوەن ڕاسپاردەکان (کۆنزێرنەکان) وەك خۆیان دەمێنن وبەردەوامن لە بەرتیلدان.

www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:49

بەرتیلدانی ئابروبەرانەی ژمارە١: راینلەند ـ فەلس ـ لیشتن شتاینی ئەلمانیایە

لـە پرۆسێسـی تاوانیارەکانـی جـەنگ لـە دادگاکردنەکەی نۆرمبێرکدا، شـان بەشانی سەرانی نازی، سەرانی ئابووری ئەلمانیاش لەسەر تەختەی تاوانباران دانیشتبوون. بەڕێوەبەری (ئی. گی. فاربن) ، گەورەترین خاوەن کاری ئەلمانیا ودەوڵەمەنترین پیشەسازی ئەلمانیا (کروپ و فلیك) وەك تاوانباری جەنگ حوکم دران.

سـەرۆکی یەکێتـی پیشەسـازی ئەلمانـیا گوسـتاڤ کـروپ فۆن بولن و هەلباغ بە هیتلەریان وت: ... یەکێتی رایخی پیشەسازی ئەلمانیا هەمـوو شـتێك دەکـات لـە پێـناوی پارمەتیدانـی حکومەتـی رایـخ لـە کـارە سەختەکانیدا. (سەرچاوە:ئیبەهارد چیشۆن، لە کتێبی: کێ پارمەتی هیتلەری دا دەسەڵات بگرێتە دەست؟ کولن١٩٧٨، لا. ٨٣)

ئەمانـە هـەر بەڕاسـتی هەمـوو شـتێکیان کـرد. پارمەتـی هیـتلەریاندا لە لێدانی نەقابەکان، سەروەتی جووەکانیان" ئاریزیرن" کرد، ١٥ ملـیون کـویلە و کرێکاران بە کاری زۆرەملی چەوساندەوە، کۆنستراتسیونیان دروستکرد، بەپێ بەدوای تانکەکانی ئەلمانیا دەکەوتن تا ئابـووری ولاّتـە داگیرکـراوەکان بگـرنە دەسـتی خـۆیان. لەبازنـەی برادەرانـی هـیملەر سـەرۆکی ئـێس ئـێس و ئیلیـتەکەیان، لەهەمـوو ئاهەنگەکانـیاندا پـێکەوە دادەنیشـتن. بەگشـتی ژمارەیـان ٣٦ کـەس بـوون، و نوێنەرانی شەرکەتی سیمنز، فلیك، بانقی ئلمانی، بانقی درێسـدن، بانقـی کۆمێـرتس، ئـی. گـی. فـاربن، ئۆیـتکە، راین میتالـ بۆرزینگ، موینشنە رویك، ئەلیانس، فۆن فینك و بۆش پێکدەهێنن (سەرچـاوە: بێـرنت ئینگل مان لە کتێبی:ئا بی سی پوولی زۆر، کوێلن، لا. ١٠٣) هەموو ئەمانە بە پارەیەکی زۆرەوە پارمەتی ئێس ئێس و حزبی نازیان دەدا. تەنها فلیك بە نزیکەی ٥، ٧ ملیون مارك خزمەتی بواری سیاسی نازی کرد.

کـە ئـەم دەسـەڵاتدارانە لـە تارمایـی نـاو گێژاوەی دادپەروەرییەکانـی پاش جەنگدا نوقم نەبوون، پەیوەندی بە کۆرس راستکردنەوەی دەسـەڵاتدارانی رۆژئـاواوە هەبـوو. تشرشـل لـە ١٩٤٦دا بـە بینینی بەهێزبوونی یەکێتی سۆڤێت وتی" بەهەڵە ئەم بەرازەمانە سەربڕی" مەبەسـتی ئـەوە بـوو دەبـوایە لەبـری ئەلمانـیا، دژی سـۆڤێت بجـەنگن. لەگـەڵ جەنگـی ساردداا، جەنـەراڵی نـازی Gehlen بەشی جاسوسـێتێکەی"Fremde Heere Ost"یـان کـرد بـە بەشـی موخابەراتـی ئەلمانـی وبـەم شـێوەیە ئیلیتەی کۆنی ئابووری، خۆیان لەبارێکدا بینییەوە، سەرلەنوێ بەرزترین جێگای سیاسەت وبەرهەمهێنان داگیر بکەن (بۆ نموونە) :

– کۆنـراد ئەدنـەوە بەچـەندین رێگـاوە خزمایەتـی لـە گـەڵ خێزانـی Werhahn دەوڵەمەندتـرین خێزانی ئەلمانی هەیە، دەبێت بە سەرۆك شالیار.

هێرمان یوسـف ئـەبس، ئەندامـی بەڕێوەبەرایەتـی بانقـی ئەلمانـی وئەندامـی شـورای ئیدارەتـی ئـی کـی فاربن کە شەرکەتی خۆیان لە کۆنستراتسـیونی ئاوسشـڤیتس ٣٠٠٠٠ مـرۆڤ لەبەرنامـەی" قەلاّچـۆکردن بـەرێکای کـار" کوشـت، دەبـێت بـە گـرنگترین موستەشـاری سیاسەتی ئابووری سەرۆك شالیار (کانسلەر) و بە خاوەن بانقی ژمارە یەك.

– پرۆفیسـۆر لودڤـیك ئێـرهارد"باوکـی ئابـووری سەرسـوڕهێنەر" دەبـێت بـە وەزیـری ئابـووری. لەسـەردەمی حوکمی نازی لە"گروپی پیشەسازی رایخ"دا پیلانێکی نهێنی بۆ پاش جەنگ کێشا، بەو ئامانجە، لە حاڵەتی جەنگ دۆڕاندنا"خاوەن کارانی ئازاد" بمێننەوە. لودیگە ڤێسـتریش دەبـێت بـە سـکرتێری دەوڵـەت لـەلای پرۆفیسـۆری "بلـیمەت". لەسـەردەمی نازیـدا سەرۆکی یەکێتی فابریکەکانی دروستکردنی ئەلەمنیوم بوو کە بڕیاردەرترین بەشی دروستکردنی چەکسازیە.

– کـارل بلێسـینگ لەسەردەمی نازی نوێنەری ئونیلیڤەر وئەندامی"بازنەی برادەرانی سەرکردایەتی ئێس ئێس"بوو، دەبێت بە سەرۆکی (بانقی بوند) و لەپاشاندا دەبێت بە سەرۆکی کۆمیتەی ئۆلیمپیای ئەلمانیا.

– فـریدریش فلـیك پاش پێنج ساڵ زیندانی دەردەچێت و پارێزەرەکەی لە دادگاکردنەکەی نورمبێرکدا دکتۆر ڤۆلڤگانگ پۆلە دەکات بە وەکیلـی خـۆی وبەرپرسـیاری خەزێـنە ونوێـنەری حزبـی یەکێتـی کریستە سۆسیالەکان لەناو پەرلەمان. هاوسێکەی فلیك، لەناو زیندان ئەفسـەری ئـێس ئـێس د. هانـزمارتین شلایەر بۆ سەرپەرشتیکرنی شەرکەتەکەی دایملەر بێنز بانگ دەکات ولە پاشاندا شلایەر دەکرێت بە سەرۆکی خاوەن کارەکانی ئەلمانیاـ لە ١٩٧٧دا لەشکری سووری ئەلمانیا لە ئەکتسیونێکی نەبردانە رفاندیان وپاشان تۆپاندیان.ـ

ژمارەیەکـی زۆر لـە پیشەسـازەکان دەبـن بـە ئەندامـی پەرلەمانـی ئەلمانـی: د. کـورت بـیرن بـاخ لەلایەن شەرکەتی تیسن، د. گوینتەر هێـنلەر لەلایـەن شـەرکەتی کلۆکنەر، د. ئەلکسەندەر ئێلبرێشتەر لەلایەن شەرکەتی ئەوێتکەر، د. فرانس ڤورمەلینگ لەلایەن شەرکەتی

www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:49

ڤێرهان، د. تیلمان سکرتێری شەخسی فلیك، ڤی. ئەلکسەندەر مینە لەلایەن شەرکەتی هۆیشست، د. رۆلف دالگروین لەلایەن شەرکەتی فوێنیکس ـ گومی ڤێرکن . . .هتد لیسەکە دوورو درێژە.

کاتێك فلیك (بۆ نموونە) بەرێگای د. پولەوە یەکگرتنەوەیەکی کەسایەتی لەنێوان بریکارەکانی شەرکەتەکەی و بەرپرسیاری خەزینەی حزبی CSUرێکدەخات، بەو شێوەیە رێگا خۆشدەکات بۆ ئەوەی کارتێکردن وبەرتیلدان بەکورتترین رێگا، هەموو کارەکان ئەنجام بدات.

هەروا ئاساییە کەحزبەکانی خاوەنکاران لە سەردەمی ئەوسای خەباتی سەختیان دژی دوشمنانی بازاڕی ئازاد، پێویستیان بە پارەوپوولێکی زۆر هەبوو. ئەو شەرکەتانە کە هۆشیاری بەرپرسبوونی ئەرکەکانیانن، بەخۆشیان دەتوانن وئاشکرایە کە دەیانویست پارەوەپوولێکی زۆر بۆ ئەو خەباتە تەرخان بکەن. شان بەشانی ئەمە دروستکردنی سیاسی پیشەیی پێشانیدا، کە نوێنەرەکان، ئەوپەڕی پێویستیان بە پشتگیریکردنی خاوەن کارەکان هەیە، بۆیە رێکخراوی یەکێتی پیشەسازانی ئەلمانیا (BDI) لەسەر پێشنیاری ئەدەنەوەر لەساڵی١٩٥٤"یەکێتی هاوولاٌتیان"یان ـ SVدامەزراند. یەکەم سەرکردەی SV سەرۆکی AEG فریدریش شپێنرات بوو ولەتەنشتیدا رۆبێرت فێردمینگەی خاوەن بانق کە یەکێکە لە برادەرەکانی کانسلەر. لەسەرکردایەتییەکەیشدا فریتس بێرگ و هانز ـ کۆنستەنتین پاولسین سەرۆکی یەکێتی خاوەنکاران ـ و پیشەسازی.

SVلە ٥٠ خاوەنکاری پیشەسازی، بازرگانی، بانق وبیمەکان کۆمەککردنیان رێکدەخست (سەرچاوە: کیلتس/پرۆیس: فلیك. کۆماری کڕاو، لە هامبۆرك، لا. ٨٠) . پارەکان تەنها بەسەر حزبە راسترەوەکان دەرژان، ئەوەش لە کاتێکدا ئەگەر بەباشی هەڵسوکەوت بکەن. کاتێ حزبی لیبرالەکان (FDP) لە ١٩٥٦دا لە نۆردهین ـ ڤێستڤالن پەیمانیان لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان بەست، پارەکەیان لێ بڕی.

کاتێك لە ساڵی ١٩٥٨ پێیانزانرا، VSلە شاری فادوتس (لیشتن شتاین) /سویسرا سێ ئەدرەسی وەهمییان دامەزراند:

١/Etablissment Aspe گوایە بۆ شیکاری سترکتورە کۆمەلاٌیەتییەکانی ولاٌتە ئۆروپییەکانە، بۆ ئەوەی لەدژی هێزە" مەتەریالیستە روخێنەرەکان" بەکار بهێنرێت.

٢/ Etablissment Wisotestبۆ ئەوەی گۆڕانە کۆمەلاٌیەتییەکان بەرەو دەولەٌتی پیشەسازی مۆدێڕن ببات.

٣/ Institut Inter-droitگوایە بۆ بایەخ دانە بە گەشەسەندنی مافی گشتی جیهانییە.

لەڕاستیدا ئەم رێکخراوانە بۆ (پارە شۆردن) ی کۆمەکەکانی خاوەن شەرکەتەکانە بۆ حزبە راسترەوەکان.  VSتاقە مەکینەی بەدتیلدانە. تەنها گراف لامبسدۆرف"غۆتەی ئابووری ئەلمانی" شەش ئینستیتوتی وەك ئەوانەی ناومان هێنا دروستکرد، گوایە بۆ خزمەتکردنە بە ئامانجی سیاسی دەولٌت وەك" کۆمەلٌەی داخوازی ئابووری بازاڕی ئازاد" و" گروپی ئەلمانی لیبرالٌەکانی جیهان" و" بزووتنەوەی لیبرالٌەکان لەپێناو ئۆروپایەکی یەکگرتوو". بۆ نموونە، ئەم گروپە، پارەکان تەحویلی لیبرال ئینتەرناسیونال لە لەندەن دەکرد، لەوێیشەوە بۆ بانقیC. G. Trinkaus&Burkhardt  لە شاری دویسلدۆرف لە ئەلمانیا دەیانناردەوە. ناوی بریکاری یەکەمی ئەم بانقە تا ١٩٧١: ئۆتۆ گراف لامبسدۆرف بوو. "غۆتەی ئابووری ئەلمانی" کە ساڵەهای ساڵ حزبەکەی بەرێگای ئەو ئینستیتوتە کەڵکەبازاڕانەوە کڕیووە، هەموو شەرکەتە گرنگەکان دەناسێت:" بانقی ئەلمانی، دایملەر بێنز، بوش، فلیك، مانس مان، فۆلکس ڤاگن، کارشتات، دۆرتمۆندە ئەکسن براوەرای، دیماگ، رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسایتونگ، ریمتسما، BAT ـ سیگارێتن، پوگنپۆل، کاسترۆل، بارمینیا، ئیدیکا، هێتلاگە، میلیتا، بابکوك، بلیندافس، ماداوس، ئینتەرلوبیکە، هێکلەر& کۆخ، شتۆلڤێرك، رایین میتال، هۆیش، ئوندەربێرگ، هێنکل، تسێنتیس هتد. . . . لەبەر زۆر دووبارەبوون، یارمەتییەکان وزۆری پارەکە کە هەندێ جار دەگەیشتە ٦٠٠هەزار مارك، ئاشکرا بووەوە کە بەرێوەبەران و سەرۆکی چاودێرانی شەرکەتەکان ئاگەداری ئەم مەسەلەن و رۆڵی بەرێوەبردنی بەرتیلدانەکان دەبینن (ڤێرنە رویگمە لە: ئابووری بەبێ بەرتیلدان؟، فرانکفۆرت لە ١٩٩٦، لا. ١٠١) .

بەرپرسیاری خەزنەی حزبی لیبرالەکان هاینتسـ هێربەرت کاری کەوتە بەر رەخنەی بەرتیلوەرگرتن. لە ١٩٨١ کوژا و هەتا ئێستا دیار نییە بکوژەکانی کێن. یەکێکی تر بەناوی کرستیان کویلبس سکرتیری یەکەمی کروپی ئەلمانی لە لیبرالی جیهانییە، چارەنووسی دیار

www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:49

نییه. کاروباری ئەمیش ئەوە بوو بەرێگای لەندەنەوە پارەکان تەحویلی سەر بانقەکەی گراف لامبسدۆرف بکات. لە ١٩٨١/٤/٣٠ لەژێر ناوێکی نهێنیدا، ژوورێك لە هوتێلێکی شاری کوێلن ـ لندنتال بەکرێ دەگرێت. بۆ ڕۆژی دوایی ژنی کاری پاکژکردن بە مردوویی دەیبینێت. لەسەر مێزی ژوورەکە، شریقەکەیەك دانرابوو. لاشەکەی تەشریح نەکرا. لە ڕاپۆرتی پۆلیس نووسیویانە" تاوانی نەناسراوێك".

کۆنراد شولە لە کتێبی (بلاك ئەوت. کارە نەشیاوەکانی هیلمۆت کول، لە ١٩٨٦ لا. ١١) دەنووسێت:" هیلموت کول لەنێوان ١٩٦٩ تا ١٩٧٦ دا سەرۆك وەزیری ویلایەتی ڕاین لەند ـ فەڵس بوو، پێش ئەوەی ببێت بەسەرۆکی فراکتسیونی حزبی دیموکراتی مەسیحی لە پەرلەمان. ئەم ئۆگەرسهایمیە (کول خەڵکی ئەم شارەیە) لە کاتی خوێندنی زانکۆوە ئەندامی (تیپی کاری سیاسی) لە کۆنزێرنی شیمی (BASF) بووە و بەوپەڕی کۆششەوە هەوڵی داوە ویلایەتەکەی بکات بە"لشتن شتاینی ئەلمانیا و"بازرگانی بەرتیلدانی" درووستکرد.

لە لاپەڕەی ٨٥ی هەمان کتێب هاتووە:"لە ١٩٨٠وە بەرپرسی خەزینەی حزبی ناوبراو ڤالتر لایزلەر کیپ نامەی بۆ کۆنزێرن و شەرکەتەکان نووسیوە و تێدا ژمارە کۆنتۆی بانقی SVلە شاری کۆپلنس و ژمارە کۆنتۆی وەکیلی یەکەمی خەزینەی حزبی ناوبراو (د. ئوفە لویچە) ی تێدابووە. لە یەکێك لەو دوکومێنتانە کە لە پشکنیندا بەدەستی (مدعی عام) کەوتووە، ڕۆژمێرێکی ساڵی ١٩٨٠ یە. لەلاپەڕەی ڕۆژی ٦/ئۆگۆست نووسراوە:" گراف لامبسدۆرف بە تەلەفۆن پێراگەیەندراوە کە جەنابی X لە شەرکەتی Yوتی کە ١٥٠ (تێبینی: نەنووسراوە ١٥٠ هەزار یا ملیون مارك) بەرێگای SVوەوە دەدات. ٣/١ گراف لامبسدورف، ٣/٢ ڕابیتەی ویلایەت. "

لە لیستی (تبرعات) ی شەرکەتی بیمەی بارمینیا ساڵی ٧٤ و٧٥ و٧٦دا نووسراوە کە بەرێگای S V وە ١٠٠٠٠٠هەزار مارك بە د. هیلموت کول دراوە....

هەتا لاپەڕە یازدە بەڵگە لە دوای بەڵگە دەدات بەدەستەوە لەسەر بەرتیادان و بەرتیل وەرگرتنی سەرانی حزب وحکومەت. پارەکانیش لە خاوەن کارەکانەوە پێیان دەگات. بۆ نموونە کۆنزێرنی سیمنز ٢ملیون مارك بە سیاسییەکی ئیسپانی داوە. (مدعی عام) ی جنێف بێرنارد بیرتوسا وتی دادگای سویسرا داوای یارمەتی یاساییانە لە ئەلمانیا دەکات، بەڵام ئەوان قبوولیان نەکردووە. بەرێگای بانقی UBS ٦٠٠ملیون مارکی کۆنزێرنی سیمنز دراوە. بەکورتی: بەبێ ئاگاداری و ڕێپێدانی پەرلەمان یا هەر دەزگای کۆنترۆڵکردنی تر لە نێوان ١٩٧٥ تا ١٩٨٢ نزیکەی ٥٣ملیون مارك دراوە بە سەرکردایەتی FDP، CSU، CDU، SPD بەمەبەستی "خزمەتکردنی تایبەتی"گۆڕەپانی سیاسی. لە هەرگوێ مەترسی سۆسیالیزم هاتووەتە پێش، ئەمان خێرا بە ملیونە نهێنییەکانی سەر کۆنتۆی موخابەرات لە سویسرا فریای حزبە هاوپەیمانەکانیان کەوتوون. ئێستا ئیتر نهێنی نیە کە لە ڕۆژئاوا ئاهەنگدەگێرا بۆ سۆلیدارنۆ وەك گەشەسەندنێکی سرووشتی بزووتنەوەی ئازادی دژی ڕژێمی شیوعی لە پۆڵەندا. بەبێ CIAوموخابەراتی ئەلمانی (BND) وسۆسیال دیموکراتەکان نەیاندەتوانی ببن بەو بزووتنەوەیە. هەر پەیامنێرێکی ڕۆژنامە وتەلەفزیونێك دەتوانێت ئەو ڕاستییە دووپات بکاتەوە کە هەر کام لە دەزگاکانی بەخشین وەك دەزگای بەخشینی ئیبەرت، ئەدەنەوە، زایدل یا ناومان بە هەموو توانایەکیانەوە لە سیاسەتی ناوەوەی دەوڵەتان دەستتێوەردەدەن.

یوسف شتراوس بەرێگای دەزگای بەخشینی هانز ـ زایدل، یارمەتی کۆنە فاشیست (مانویل فراگا ئیریبارنا) ی دا لە ئیسپانیا.

سۆسیال دیموکرات بەهانای فیلیپ کۆنسالا هاتووە لە ئیسپانیا و PS لە پورتوگال. حکومەتی ئیلندی لە شیلی و سەرب وئەلبانەکان بە خوێنرشتنیان هەست بەم ناوانانە کرد.

بەشی شەشەم: پێشبڕکێی مۆدێرن ـ بۆمبا نانەوە، ئامێری گوێ گرتنی شاراوە، جاسوسێتی.

لەگەڵ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی بەریتانی (Duncan Campbell) لە بەردەم پەرلەمانی ئەورووپیدا، ئێستا زانیارەکانی پۆی"ڕەسمی"بەخۆیەوە گرتووە: دەزگای ئاسایشی (National Security Agency) ئەمریکی سیستێمی جاسوسێتی گلۆبال"Echelon" بەڕێوەوە دەبات. ئەم سیستێمە بەپلەی یەکەم لە جاسوسێتی ئابووری وردەبێتەوە (زویدتسایتونگ، ٢٠٠٠/٢/٢٤) . کاری سەد هەزار ئەندامی ئەم دەزگایە ئەوەیە گوێ لە سەتەلایت، تەلەفۆنی جێب دەست، ناوماڵ و

هێڵەکانی پەیوەندیکردن بگرن. چاودێری هاتوچوو گۆڕینەوەی هەموو فاکس و تەلەفۆناتکردن و داتا گۆرینەوەی ناو کۆمپیوتەری شەرکەتەکان دەکەن (ئولف ئولفکوتە لە کتێبی:فێرشلوس زاغە بی. ئێن. دی، موینشن، ١٩٩٨، لا. ١٦) ئەم سیستێمە رۆژانە تا دوو ملیارد قسەکردنی تەلەفۆنکردن تۆمار دەکات (ئینتەرناسیونال هیرالد تریبون، ٢٨/٢/٢٠٠٠) . بەهەمان شێوە، بەگوێرەی رۆژنامەی واشنتون پۆست، سیستێمی (ئیشەلۆن) بەبەردەوام جاسوسێتی دەکەن بەسەر پەیوەندێکانی ١٣٣٠ رێکخراوی و کۆمەڵە سیاسی وئاینی وکۆمەلآیەتییەکان (لەکتێبی: بازاڕی دزەکان، موینشن/١٩٩٩، لا. ١٠٨) .

لە بنکەی سەرەکی (ئێن. ئێس. ئا) وە لە فۆرت جورج مید/ماری لاندا ١٢٠ بنکەی کۆنترۆل لە هەموو جیهان بەڕێوە دەبرێت. شوێنی یەکێك لەبنکە سەرەکییەکانیان لەسەر ئاستی جیهان، پاش Menwith Hill لە ئەلمانیایە (شتوتگارد–ڤاینگن) ە. لێرەدا بنکەی کۆماندۆی ئۆروپای (NSA-CSS) نیشتەجێ بووە.

بەبۆنەی ئەم سیستێمەوەوە:

* بەگوێرەی زانیارییەکانی سی ئای ئەی، حکومەتی ئەمریکی بە یارمەتیدانی زانیارییەکانی (ئێن ئێس ئا) وەوە لە ٥١ گفتوگۆی پەیمان بەستندا" فشار بهێنن" بەسەر فرۆشیارە دەرەکییەکان. بەم شێوەیە توانیویانە بە بەهای ٢٨ ملیارد دۆلار بۆ خاوەنکارە ئەمریکییەکان زامن بکەن. هەڵبەت ئەم پارەیە بەبێ زانیارە نهێنییەکان، دەچوو بۆ گیرفانی خاوەنکارە دەرەکییەکان. (هەمان سەرچاوە، لا٢٠٤) .

لە بازرگانییەك بۆ کڕینی فڕۆکە لەلایەن سعودیەوە لە ئایەر بوس، ئێن. ئێس. ئا گوێ لەگشت پەیوەندییەکانی نێوانیاندا گرت و هەرهەمووی خستە بەر دەستی کۆنزێرنی بۆینگی ئەمریکایی. بۆینگیش کەوتە راکردن (رۆژنامەی دی تسیت لە ١٩٩٩. ٩. ٣٠. ئێستا لە بازرگانی فڕۆکە و چەك لە گەڵ سعودیە و بەرازلدا، موخابەراتی ئەمریکی بە دەلیل رووبەرووی کڕیارەکان دەبێتەوە، کە فرۆشیارە فەرەنسییەکان بەرتیلیان پێداون... بەرازیلییەکان ناچارکران بازرگانییەکە بدەن بە (Raytheon) وسعودییەکانیش لە مێکدۆناڵد دۆگلاس بکڕن (سەرچاوە ئینتەرناسیونال هیرالد تریبون لە ٢٠٠٠. ٢. ٢٨) .

جەنگی نێوان زلهێزەکانی ئۆتۆمبیلی جەنەراڵ مۆتۆرو فۆلکس ڤاگنیش لەلایەن NSA وەوە نەخشە و بڕیاری لەسەر درا. مێنیجەری بەناوبانگ لۆپیتس بەوە تاوانبارکرا کە گوایە لەکاتی دەرچوونی لە جەنەراڵ مۆتۆردا فایلی نهێنی کۆنزێرنەکەی بردووە و لە بەرژەوەندی کۆنزێرنی فۆلکس ڤاگن بەکاری هێناوە. . . NSAگوێی لە کۆنفرانسە نهێنییەکەی لۆڤیتس گرتووە و کۆپییەکی داوە بە جەنەراڵ مۆتۆر (رۆژنامەی دی تسایت، هەمان ژمارەی ناوبراو) .

CIA\NSA خزمەتی فۆرت، جەنەراڵ مۆتۆر، شرسلی دەکات. بۆ نموونە کاتێك گەشەسەندنە نوێیەکانیانی یابانێکان لە بواری کاتالیزاتۆر پێش فرۆشتنی و تاقیکردنەوەی ئەو مەتریالانەکەی کە رێژەی کارۆسیریەن کەم دەکاتەوە. لە گفتوگۆیەکانی ژنێف لە ١٩٩٥ دەربارەی نیسبەتی فرۆشتنی ئۆتومبێل یابانێکان هیچ شانسێکیان نەبوو، چونکە بازرگانی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی میکی کانتۆر پێشتر دوا هەڵوەستەی گفتوگۆیەکانی بەرەکەی تری دەزانی (ئولف کوتە، هەمان سەرچاوە، لاپەرە١٩٧)

کۆۆپیراتسیونی نێوان ئابووری– موخابەرات تەنها یەك لایەنە نیە. کاتێك موخابەرات زانیارییەکانی دەخاتە بەردەستی شەرکەتەکان، ئەوانیش دەرگاکان بۆ دەکەنەوە و پاشان موخابەرات دەتوانێت لەژێر ناوی مێنیجەر وەك(noon official cover) کار بکەن. ناوی ئەو شەریکەتانە بەم کارە هەڵدەستن: Nabisco، Prenttice-Hall، Fort Motor Company، Proctor& Gamble، General Electrics، IBM، Bank of America، Chase Manhattan Bank، Rockwell International، Campbell Group، Sears Roebuck، Ross Perot& Malcolm، Bechtel Corp، Citibank)

وچەندین نموونەی تر وەك نهێنی بەرهەمە نویەکانی کۆمپیوتەر کە بەخۆڕایی بە دەزگای ئاسایشی ناوبراو دەدرێن، بەشێوەیەك دروستی دەکەن، دەزگای ئاسایش بە ئاسانی بچن بۆ ناو لاپەڕەی کۆمپیوتەری گشت شەرکەت، کەس و بەرپرسیارەکان. لەشکری ئەلمانیا بەتۆری– سۆفت فێری Lotus-Notes کاردەکات. IBM (لۆتۆس–نۆتس) درووست دەکات و ئەندامی هاوپەیمای (

www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:49

Key Recovery) یە و ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆدایە کلیلی کردنەوەی داتاکان بە موخابەراتی ئەمریکی بدات (سەرچاوە : Com ! onlineلە مارسی١٩٩٩) ...

بەهەمان شێوە دەوڵەتە ئۆروپییەکانیش خەریکە هەمان بازرگانین، بۆ نموونە: فەرەنسا دەزگای موخابەراتی تایبەتی هەیە بەناوی ( Direction General de Securite) و ٣٥٠٠ فەرمانبەری هەیە. ئەم دەزگایە تەنها کاری جاسوسیتسی لەبواری ئابوری دەکات. هەروا ئەم و دەزگای موخابەراتی (SGDN) لە پاریس فێرگەیەکیان بەناوی ( Ecole de Guerre Economique- فێرگەی جەنگی ئابووری) یان کردووەتەوە... هەموو شوێنەکانی کلاسی یەك ناو فرۆکەکانی ئایەر فەرەنس ئامێری گوێ لێگرتنی تێدایە. . .

ئەلمانیا سیستێمێکی ئیشیلۆن ئاسای هەیە. لە ١٩٨٩وە گروپی کۆمپیوتەری تایبەت بە BNDدامەزراندووە و ڤیرۆسی کۆمپیوتەری تایبەت دروست کردووە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست هەموو سیستێمی کۆمپیوتەری دەوڵەتەکانی رۆژهەلاَت لەکارکردن پەکیان بخات. بۆ زانینیکارتێکردنی ڤیرۆسەکەیان، کاتی خۆی بەسەر تۆری شەرکەتێکی خارجی تاقیکردووەتەوە. راستێکان ئەوەیە، ئۆبێکتی مەبەست، داتا بانقییەکانە لە بریتانیا وئەمریکا. . .

ڤۆڵفگانگ هوفمان بەرپرسی "ئاسایشی خاوەنکارەکان" لە شەرکەتی بایرن ئا گی لە پێشی شورای ئابوری حزبی دەسەلاَتدار لە ١/٢٠/ ١٩٩٩ وتی:نزیکەی ١٦٠٠ شەرکەت کە خواری ١٪ لە کۆی دوو ملیون شەرکەت لە چوارچێوەی پاراستنی ئایسایشی حکومەتیدا پشتگیری وەردەگردن. . . کەواتە هەموو کۆنزێرنە گەورەکانی ئەلمانیا زانیارێکانیان لەگەڵ موخابەرات و دەزگای پاراستن دەستور ئالۆگۆڕ دەکەن. بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین، دەزگای BNDبەخۆیان دەڵێن، لە ناو شەرکەتەکانی ئەلمانیا ٥٠٠٠٠هەزار ( ÉØÞÇá) چێندراوە. . . ئەمرۆ نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس لەبواری ئاسایش کاردەکەن، بەقەد ژمارەی پۆلیس... (گۆڤاری دێر شبیگل ژمارە٣٧ ورۆژنامەی دی ڤۆغە لە ١٩٩٩/٢/١١٦)

لە ١٩٩٨ شەرکەتی بەرهەمی کیمایی بایرن ئا گی گروپێکی درووست کردووە بەناوی (Scouts) . ئەم گروپە لەلایەن" Piraten –القراصنە"وە پشتگیری دەکرین وژمارەیان دەگەنە دە کەس. ئەمانە بۆ هەموو سوچێکی جیهان سەفەردەکەن بۆ ئەوەی شەرکەتی سەرنج راکیش بۆ بایرن ئا گی بدۆزنەوە یا مونافسەکان بکوژێننەوە. . .

Scoutsو Piratenنوێ نین ... شەرکەتە ئەمریکاییەکان وموخابەرات ولەشکر مارش دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوەی ولاَتەکەیان. کاتێك گواتیمالا ویستی دیموکراتییەت پەیرەو بکات وشەرکەتی ( United Fruit Company خۆماڵی بکەن، مارینزی ئەمریکی کۆتایی بە هەردوو نیازەکەیان هێنا" کاتێك لە پەنجاکاندا ئێرانییەکان شایان راونا وشەرکەتی بریتانی — ئەمریکییەکانیان خۆماڵی کرد، سی ئای ئەی کاری کرد بۆ روخاندنی حکومەتی موسەدەق وشایان گەراندەوە" لەسەرەتای حەفتاکاندا کاتێك لە شیلی یەکێتی گەل بۆ حوکمرانی هەڵبژێردرا، کۆنزێرنی ITT وحکومەتی ئەمریکی کودەتای فاشیستی لەدژی حکومەتی سلڤادۆر ئیلندیان رێکخست. ئەوکاتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وپاشان وەرگری نۆبلی ئاشتی هنری کیسنجەر وتی" ئێمە ناتوانین رێ بە گەلی شیلی بدەین، بە بێ بەرپرسانە مامەڵە بکەن".

رەهەندێکی نوێ کە لەهەمان کاتدا هەمئاهەنگ ومونافس کەرانە لە گەڵ هێرش بردن بەسەر بوگسلاڤیا لە جیهان بینرا. مەبەستەکەیان" بەرفراوان بوون بەرەو رۆژهەلاَت"لەلایەن یەکێتی ئۆروپا وناتۆ لە پێناوی بازرگانییەك دەگاتە نزیکەی٤٠٠ ملیارد مارك (ئولفکوتە لە کتێبەکەی (Verschlußsache BND لا. ٣٨) . مەسەلەکە تەنها ئەوە نیە بەئاگر هەموو شتێك وێران بکەی تا پاشان راسپاردنی سەرلەنوێ درووستکردن وەربگریت. گرنگ ئەوەیە، لەو شوێنەدا دەست بەسەر سەروەری ژیانی سیاسی– ئابووری بگریت، بۆ ئەوەی تەیاری پوول بۆ کەناڵەکانی خۆت بروات. بۆ نمونە لە کرواتیادا Military Professional Ressourcesشەرکەتێکی"ئاسایش" کە بنکەکەی لە فەرجینیایە وەرگرتووە بۆ ئەوەی رێنمایی ومەشق پێکردنی لەشکری کرواتی لەئەستۆ بگرێت (سەرچاوە: ئولفکوتە لە کتێبی بازاڕی دزەکان، لا. ٢٢٢)

www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:49

لـە وەزارەتـی بەرگـری ئەلمانیادا دەنگی نارەزایی بەرز بووە دەربارەی بەکارهێنان وسوو ئیستیفادەی بێرەحمانەی ئەمریکا بۆ ناتۆ لە یوگسـلافیا لـە پێـناوی ئامانجـە ئابورییەکانـی. ئەمـە نابێ لە دوا ڕۆژ دووبارە ببێتەوە. ولاّتەکانی ئۆروپا دەیانەوێت لە سەرەتای ٢٠٠٣ هێـزێك ٢٠٠٠٠٠ سـەرباز ئامـادە بکـەن بـۆ بەرێوەبردنـی"خەباتی تەدخول بۆ ئاشتی دامەزراند لە ئۆروپا و ولاّتانی دەوروبەر". ئەو کاتە ئیتر مێنیجەرە ئەمریکاییەکان نین کە لە هاتنەخوارەوەیان لە تانکی ئاشتییەوە، یەکەم ڕاسپاردنی سەرلەنوێ درووستکرن مۆر بکەن. لەڕاسـتیدا لـە حاڵەتـی یوگسـلافیادا مـرۆ تـەنها گوێـی لـە نارەزابوونی بۆن نەبوو، بەڵکە ئەمانە بە هەموو هێزێکیانەوە بۆ پۆزیتسیونی خـۆیان کاریـان کـرد. هێـرش بـردن بەسـەر کۆسـۆڤۆ و بۆسـنیا بەبـێ خـۆ ئامادەکردنەکانی ئەلمانیا نەدەکرا بەو شێوەیە ڕوویدات. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، لەشکری ئەلمانیا هێزەکانی ئەلبانیای مەشق پێدەکرد بۆ بەرنگاربوونەوەی یوگسلافیا و لە ١٩٩٥وە BND و CIA، پـێکەوە مەشق بە ئوچیکا (لەشکری ئازادی کۆسۆڤۆ) دەکەن. مەشق پێکەرانی ئەلمانی، تورکی، ئەفغانی وانەیان بە ئۆچیکا دەوتـەوە لـەبارەی جەنگی گرلیایی. . . (میشائیل شۆسۆدۆڤسکی: ئۆچیکا چۆن درووست بوو، ڕۆژنامەی یونگە ڤێلت لە ٣٠/٦/١٩٩٩) . خەرجەکانـی ئۆچـیکا زیاتـر بـە پارەوپـوولی مافـیای دەرمانـە سـرکەرە ئەلبانـیەکان دەدرا. BNDشتی زۆری بۆ نەکرا لە ڕووی CIAلـە کرواتیا، بـەلاّم لە بوسنیا–هێرسەگۆڤینادا لەشکری ئەلمانی و بی ئێن دی بەرادەیەکی وا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کە ئـەم ولاّتـە نوێیە مارکی ئەلمانی وەك دراوی خۆیان بەکاری بهێنن. ئەم پەیوەندییە لە نێوان داگیرکردن وئابووری ئێستا بۆ مۆنتینێگرۆ دەمـبات. ئـەم ئەقلـیمە هێشـتا بەرەسمـی ئەتۆنـۆم نـیە و هێشـتا بـە لەشـکری ئاشـتی داگیر نەکراوە، بەلاّم ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستیان پێکردووە، لێرەشدا مارك وەك دراوی خۆیان بەکار دەهێنن (یورگن ئیلیسێسە، کودەتای — مارك، لە گۆڤاری Konkret ٢/٢٠٠٠) . هـەروا کۆنگۆ نموونەیەکـی تـری پێشـبڕکێکردنی ئابووری جیهانییە. ئەوە ساڵ و نیوێکە هەشت دەوڵەت شەڕوشۆر دەکەن لە پێناوی دەس ڕاگردن بەسەر یورانیوم، ئاڵتون، دیامانتی ولاّتەکە. تا ئێستا ملیونێك دەربەدەر کراون، دەیان هەزار گیانیان لەدەستدا. . .

بازرگانییەکی گەورە بە ماددە سرکەرەکان

خەباتکـردن لـە پێـناوی جیهانێکی ئازاد بۆ خاوەنکارەکان توند لە گەڵ چرۆکانی بازرگانی موخەدەرات بە سراوەتەوە. ئەندریاس فۆن بویلـۆ لە کتێبی: بەناوی دەوڵەتی– CIA، BND و کردارە تاوانبارانەی موخابەرات، لە موینشن ١٩٩٨ دەرچووە) هێما بۆ ئەوە دەکات کـە لانـی کەمـەوە ٧٠٪لـە بازرگانـی جیهانـی مـوخەدەرات لەلایـەن مـوخابەراتەوە دەپارێزرێت و بەتایبەتیش لەلایەن سی ئای ئەیـەوە. فـۆن بـیلۆڤ بەدرێژایـی ٢٥سـاڵ بەسـەر لیسـتی سۆسـیال دیموکـراتەکان لـە پەرلەمانـی ئەلمانـی بـووە، ئەندامی کۆمیسیونی پەرلـەمان بـۆ کۆنترۆلکردنـی مـوخابەرات، سـکرتێری دەوڵـەت لـە وەزارەتـی بەرگـری و هەروا لە کاتی حکومەتی سۆسیال دیموکرات و لیبراڵەکاندا لەسـەردەمی هـیلموت شمـت، وەزیـری لێکۆڵیـنەوە وتەکـنەلۆژیا بـووە. سـەرئەنجامی پشـکنینەکانی ئەمەیـە: وێنەیەکـی ترسـناکی لـە ئۆپێراتیڤـی سیسـتەماتیك لەناویـەك ئـاڵۆ وەك عەملیاتـی دەوڵەتـی لـە گـەڵ تاوانـی ڕێکخـراو، بازرگانـی مـوخەدەرات و تیرۆریزم.

یەکـێك لـە چالاکترین عەمەلیاتـی سـی ئـای ئـەی لـەم بـوارەدا کـە تـا ئەمـڕۆ کـاری خـۆی دەکـات، پـێك هاتـووە لـە مەشـق پێکردن، چـەکدارکردن، پـوولدان بـە موجاهدینـە لـە ئەفغانسـتان کـە ڕژێمـی "سـەر بـە سـۆڤێتی"یـان لە سەر دەسەلاّت لابرد. سی ئای ئەی و موخابەراتـی عەسـکەری پاکستان (Inter Service Intellience) بـەزۆر مەشـقیان بـە" خەباتگێرانـی ئـازادی" دەکـردو جوتیارەکانـیان لـە ناوچـە"ئازادکـراوەکان" ناچار کرد لەبری گەنم وجۆ، مون بروێنن. لە ٢٠٠ (مختبر) ی پاکستان ئەفیونیان دەپاڵاوت بـۆ هیرۆئـین. گواسـتنەوەی ئـەم بەرهەمـە لەلایـەن لەشکری پاکستانییەوە ئەنجام دەدرا و لایەنە فینانسەکەی سی ئای ئەی لە ئەستو دەگرد. (سەرچاوە: بەناوی دەوڵەتی، لا. ٢٠٩)

ئەمـڕۆ ئەفغانسـتانی تالەبانـەکان ساڵانە ٢. ٧٠٠تەن هیرۆئین کە٤٠٪ لە بەرهەمهێنانی جیهانی پێك دەهێنێت بۆ ئارەزوبەندانی دەرمانی سرکەر لـە جیـهان دەنێـرێت. (تسـیگلە:بەربـەرەکان دێـن، لا. ١٥٨) . بـۆ ئـەوەی مـوخابەرات بتوانـێت خەرجـی پارتیزانەکانـی بدات، پێویسـتی بـە نرخـی گۆڕیـنەوەی مـوخەدەرات هەیـە، کەواتـە دەبـێ زامنـی هێنانی بۆ ناو بازار بکات وپێش هەموو شتێك شۆردنەوەی پارەکـان لـەناو سیسـتێمی بانقـی. بـە فروشتنی موخدەرات لە شوێنەکەی خۆیدا هیچ نیە، هەرچەند پێیانکراوە ژمارەی بەکارهێنەرانی مـوخدەرات لـە پاکسـتان لـە ٥٠٠٠کەسـەوە لـە سـاڵی١٩٨٦بـۆ ٣، ١ملیون نەفەر لەساڵی ١٩٨٩زیاد بکەن. (فۆن بیلۆف. لا٢١٠) . بەلاّم

www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:49

ئەمـە بـۆ خەباتـی ئازادیخوازی وەك لە ئەفغانستاندا بەش ناكات. سی ئای ئەی بە نرخی شەش بۆ نۆ ملیارد دۆلار چەكی گەیاندووە بە ئەفغانسـتان (:World watch Institute Report دەربـارەی بارودۆخـی جیهان ١٩٩٨فرانكفۆرت/ماین، لا١٩٣) بۆ ئەم چـەكانە پێویسـتیان بـە پـارە هەیـە. كەواتـە پێویسـتی بـە بازرگانی جیهانی موخدەراتەوە هەیە. شەریكی دارایی ورێكخراوەییەكەی (Bank of Credit and Commerce International-BCCI-) كـە خاوەنەكـەی ئاغا حەسـەن عابدییە. ئەم بانقە بەهێزترین كارتێلی تاوانباری بوو لە جیهان. (تسیگلە، لا. ١٦٧) .

بەگوێـرەی بۆچـونی سۆسـیولۆگ و سیاسـەتمەداری سویسـری یـان تسـیگلەر، ئەم بانقە ئەم هێزەی لەوەوە پێدراوە، چونكە سی ئای ئـەی، لەبـەر ئامادەبوونـی پێكەوەكاركردنـی ئـەو بانقـە لـە گەلـیاندا لـە جەنگـی ئەفغانسـتان، لەسـەر ئاسـتی جـیهان پشتگیری دەكا دەیپارێـزێ. یارمەتیدانـی ئـەم بانقـە كەم نەبووە. "تۆرە رەشەكانی"كە پێكهاتووە لە ١٥٠٠كەسی بەهێزو پسپۆری تاوانكاری، بۆ ئەوە كاریـان كـردووە، بـۆ نمـوونە بەرێكوپێكـی فڕینـی فـرۆكەی هێڵـی پاكستانی جیهانی (PIN) لە كراجی لەدوا چركەدا نەهێڵن بفڕێت و پلانـی فـرۆكەی بۆینكـی خـۆیان بـە ژمـارەی كـۆدی PIN) بفـڕێت، بـۆ ئـەوەی بـە بـێ رێگـر لـە هێڵی فڕینی جیهانی تێپەڕێت. بانقی BCCI هـیچ گیروگرفتێكـی نەبـووە بـۆ گواسـتنەوەی مـوخەدەرات، ئاڵـتون، پـارە، چـەك لـە جـیهان. لـەباری سیاسیشـەوە گرفتی نەبـووە:وەزیـری بەرگری ئەمریكی جاران كلارك نوێنەرایەتی كردووە K سەرۆكی پەنەما نۆرتیگا و سەرۆكی كۆنگۆ/زائیر كڕیاری بوون. بـەلآم لـە كۆتایـی هەشـتاكاندا سـەردەمە خۆشـەكەیان بەسەرچوو: جەنگی ئەفغانستان سەركەوت، سۆسیالیزمی جیهان وون بوو، سی ئـای ئەییش دەستی لە بازرگانییەكە راگێشاوە. كاتێك بانقەكە لە١٩٩١ ئیفلاسی كرد، ٤٠٠كەرتی لە ٧٣ ولآتی جیهان داخران و١٢ملیارد دۆلاریـان دۆڕانـد (هـەمان سەرچـاوە. لا. ١٦٤) . بـەلآم ئـەوەی مایـەوە بەرهەمهێنانـی ئیفـیون وهیرۆئـین لـە پاكسـتان وئەفغانستان و پەیوەندی توندوتۆڵی ئیسلامیستەكان و سی ئای ئەی.

هـەروا چەندین نمونەی تر دەهێنن دەربارەی بازرگانی سی ئای ئەی بە موخەدەرات دەهێنن وەك پشتگیری كردنی پاشماوەی لەشكری شـێن كـای شـیك دژی سـەركەوتنی شۆرشـی چـینی، كـۆنتراكان لـە نیكاراگوا ولە كۆلۆمبیا. لە میترۆپۆلەكانیشدا خەباتی رەسمی دژی مـوخەدەرات بـە بۆچـوونی نەعوم شومسكی: فۆرمێكە بۆ تاوانباركردن وكۆنترۆلكردنی توێژێكی كۆمەلآیەتی كە بەرەسمی وەك ترسناك پـۆلین دەكرێن. لە ناوەرۆكدا فۆرمێكی ئەمریكیە بۆ پاكسازی كۆمەلآیەتی" (جەنگی موخەدەرات زۆر پەیوەندی لە گەڵ موخەدەراتەوە نیە: موخەدەرات وجیهانی سێ. Luzern1997، لا، ١٥٠) . . .

شـایانی باسـە كـە لـە پێشـەكی ئـەم گـۆڤارە بڕگەیەكیان لە كتێبی نووسەر یان تسیگلەر (بەربەرەكان دێن) وەرگرتووە" تارماییەك بە ئـۆروپا دێـت ودەچـێ: تارمایـی تاوانكردنـی رێكخـراو. . . كارتێلـی خـاوەن بەرزتـرین تەكنەلۆژیا و سنووربەزێنی تاوانكردن، بەرزترین قۆناغ وناوكی شێوەی خودی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێكدەهێنن. "

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت